# مەزەی خواردنەوەی مراویەکان



Handren88@hotmail.com

**هەندرێن حەمەدەمین**

خۆت ئەخەیتە باوەشم



لەگەڵ بۆنی پایزێکی خەوتوو
لە ژێر پێی ئەو مێرولانەی
ڕەنگەکانی ئێمە
تێکەڵ ئەکەن
بە بەژنی ئەو لاولاوانەی
لە نێوان
پەنجە هارەکانی کوڕەکانی ئێوارە و

مەمکە توندەکانی کچەکانی شەو
بۆ ئەو ژوورە تاریکانەی
ماچەکانی تیا هەڵئەگیرسێن



هەڵگیرسانێك وەك چاوانی ئەم رووبارە
ئەم رووبارە
قازەکانی بە رۆژ
رۆمانە نەنووسراوەکانی ماسیگرەکان ئەخوێنەوە



ئەیانبینن
تەمەن ئەکەن بە خۆراکی ئەو ماسیانەی
سەفەرێکی دووریان کەوتۆتە بەر
قسە و باسی حەزحەزانێی
کوڕ و کچان
مەزەی دانیشتنی مراویانە
لە خواردنەوەی نیوە شەودا



ئەم رووبارە

گەلێك شعری بە دەستە لەرزۆکەکان نووسی و
چیرۆکی رووتبوونەوەشی
خستە نێوان خۆی و هەتاو
لەم کەنارە
پەنجە گەرمەکانی هەتاو
کە راتئەخەن
یەکە یەکە دوگمەکانت ئەکەنەوە
حەزەکانت ئەدەنە دەم ماچەکانی شنە
چاوەکانت
بەرەڵا ئەبن و
ئەڕۆن
بەجێتدێڵن



بۆ ئەو پەنجانەی دەستەکانیان وونکردوە
بۆ ئەو دەستانەی کەسەکانیان وونکردوە
بۆ ئەو کەسەی جلەکانی وونکردوە
چاوەکانت ئەکەیتەوە
پڕن
پڕن لەو وێنانەی
لە ماڵپەڕە نهێنیەکەت
بێ
تۆ
ئەژین

١٨ی ١١ی ٢٠٠٧